# ڕاكێشانی پشتیوانی بۆ سەربەخۆیی كوردستان و مافی ژنان و پەنابەران لە نێو حیزبە چەپەكانی بەریتانیا

رۆژانی 16و19 ئایاری 2008 كۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری كوردستان بەبەشداری ئاسۆ كمال سكرتێری كۆمیتە و محسن كەریم ئەندامی كۆمیتەی دەرەوە كۆبونەوەی لەگەڵ ریكخراوی ۆركەر لیبریتی و حزبی سوسیالیستی بەریتانیا كرد، بەمەبەستی ناساندنی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری كوردستان و پتەوكردنی هاوپشتی لەگەڵ هێزە كریكاری وچەپەكانی دنیادا.

لەم كۆبونەوەانە سەرەرای ناساندنی بەرنامە و ئامانجە كۆمۆنیستیەكانی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری كوردستان كە دامەزراندنی دنیایەكی ئازاد ویەكسانە لە كوردستاندا ،سەرنجی ئەم لایەنانەش بۆ هەلومەرجی سیاسی و باری گوزەران ونارەزایەتیەكانی خەلكی كوردستان و گەندەلی ئیدارەی هەرێم ڕاكێشرا. لەم بوارەشدا نامەیەك ئاراستەی ریكخراوی ۆركەر لیبریتی و حزبی سوسیالیستی بەریتانیا بۆ پشتیوانی كردن لەبەرەسمی ناسینی خواستی سەربەخۆیی كوردستان لەلایەن كۆمەڵگای نیودەوڵەتیەوە و سەرخستنی ئەم خواستە.

شایەنی باسە هەردوولا خۆشحاڵیان دەربڕی بە بردنە پێشەوەی ئەم پەیوەندیانە و كاری هاوبەش لە مەیدانی پشتیوانی لە مافەكانی خەلكی كوردستان و لە مەیدانی مەسەلەی ژنان و پەنابەرانیشدا كە لە بەریتانیا مەیدانی هاوبەشی هێزە كریكاری وچەپەكانە.

كۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری كوردستان

2008/05/20

بۆپەیوەندی بە كۆمیتەی دەرەوەی وولاتی حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی كوردستان

Email:Wpk08@yahoo.com,TEL:00447760131203, www.hkkurdistan.org